Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

10.24271/jgu.2023.1010013

# پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردییدا

**عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف ، ژاڵە عبداللە طاهر**

بەشی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی

***Article Info***

Received: November, 2022

Revised: January, 2023

Accepted: April, 2023

***Keywords***

مۆرفۆلۆژی ، زانیاریی ڕێزمانیی_ مۆرفۆلۆژیی ، لێکسیمە هەڵگوێزراوو

***Corresponding Author***

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بۆ ناونیشانی(پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردییدا) تەرخانکراوە، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی زانیاریی ڕێزمانیی_ مۆرفۆلۆژیی ناو توخمە فەرهەنگییەکان. زانیارییەکان لەو توخمانە دەردەهێنرێن، کە جڵەو و ڕکێفی مۆرفۆلۆژیيانەیان هەیە. ئەویش بۆ ناسینەوەی دەروازەی ناو ئەو توخمانەیە. لێکۆڵینەوەکە لە سەرەتادا خۆی بە دەرخستنی زانیاریی ناو توخمە یەک لێکسێمەکانەوە خەریک دەکات، کە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و دروستەیی و واتاییشیان هەیە، پاشان لەو دروستانە کۆڵراونەتەوە، کە لەو بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییانەدان، کە ئەوانیش لێکسیمە هەڵگوێزراوو لێکدراوەکانن(ناسادەکانن)، تا لە ڕێی ئەوەوە دەستنیشانی ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆژیی و سینتاکسییانە بکرێن، کە لە دەرئەنجامیاندا دروستدەبن. بەوەش دەروازەو زانیارییەکان لە ناو فەرهەنگ و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییشدا تاقیدەکرێنەوە. توێژینەوەکە هەنگاوەکانی بە پێی ڕێبازی وەسفیی شیکاریی ئەنجامداوەو کەرەستەی توێژینەوەکەشی لە کرمانجیی ناوەڕاست وەرگرتووە.

## پێشەکی

**٢/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە ( پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا)یە مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، نیشاندانی دەروازەی زانیاریی ناو توخمە مۆرفۆلۆژییەکانە لە زمانی کوردیدا.

**٣/٠) کەرەستە و سنوری توێژینەوەکە:**

کەرەستە و داتای توێژینەوەکە لەو دیالێکتی ناوەڕاست-شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون.

**٤/٠) تێۆریی و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا بۆ دیاریکردنی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکەن تیۆری (X-Bar)ی مۆرفۆلۆژییانەو هانگاوەکانیشی بە ڕێبازی پەسنی شیکاریی نراون و بە شێوەیەکی زانستی نموونەکان شیکارکراون.

**٥/٠) گرفتی توێژینەوەکە:**

لەو ڕوانگەیەی ڕاوبۆچوونەکان بۆ تێکەڵبوونی پێکهاتەکان بە تایبەتیی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس زۆر و جیاوازن، هەروەها سنوری زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان و سینتاکسییەکان لە فەرهەنگدا ناروون و دیاریکردنی پراوپری توخمەکان بۆ ناسینەوەی زانیارییەکانی هەریەک لەو پێکهاتانە، گران و ئاڵۆزە، بۆیە توێژەر ئەوەی بە گرفت زانیوەو دەیەوێت بە گریمانەو کاری زانستی گرفتەکە چارەسەر بکات.

**٦/٠) بەش و پارەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بەسەر چەند پارو وەچەپارێکدا دابەشکراوە. پاری یەکەم و وەچەپارەکانی بۆ فەرهەنگ و زانیاریی و دەروازەی فەرهەنگیی دیاریکراوە. پارەکانی دواتر بۆ پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانەو تێیدا پرۆژەی هەڵگواستن و لێکدان تاقیکراونەتەوە. دیاریکردنی توخمە مۆرفۆلۆژییەکان ئەوانەی نرخ و ئاستی نواندنی ($X^{-1}$)و (X)یان هەیە، لە ناویشاندا (V, A, N)تاقیکراونەتەوە. لەکۆتاییشدا چەند ئەنجامێکی بەدەستهاتووی ناو پارو وەچەپارەکان خراونەتەڕوو.

**١/١) فەرهەنگ و زانیاریی فەرهەنگیی ( Lexicon & Lexical Information):**

فەرهەنگ پاشخانی کۆزانیاریی زمانی مرۆڤە، ئەوەش ئەوە دەردەبرێت،کە زانیاریی فۆنۆلۆژیو سینتاکسیی و واتاییەکان لە فەرهەنگدا هەڵگیراون و ئاخێوەری زمان لە قسەکردندا ئەو

زانیارییانەبۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنێت،ڕێزمان لە ڕووی دروستەوە هەرسێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی دەگرێتەوە، ئەویش بەو پێیەی ئەو سێ پێکهاتەیە خاوەنی یاسا و ڕێسا و کەرەستەی تایبەت بە خۆیانن. کەرەستەی بەرایی هەر یەك لەو پێکهاتانە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن، بە جۆرێك فۆنۆلۆژیی بنیاتی برگە و مۆرفۆلۆژیی بنیاتی وشەی ناسادەی تێدا دادەنرێت. (مەعرووف/ عەبدولجەبارمستەفا، ٢٠٢٠، ٧)

دروستەی برگەو مۆدێلەکانی بەرهەمهێنانی، بەشێکن لە دەروازەی فۆنۆلۆژیی فۆنیمەکان و وەك جۆرێکی دیکەی نواندنی زانیاریی فۆنۆلۆژییانەی ناو پێکهاتەی فۆنۆلۆژیین، لە سنوری ئەم پێکهاتەیەدا، زنجیرەیەکی دەنگی بەدوایەکدا هاتوون و پەیوەست بە هەندێك کۆتوبەندی دیاریکراوەوە، دارشتە و مۆدێلەکانی برگە دروست دەکەن، لەمەشەوە نواندنی فۆنۆلۆژییانەی سەگمێنت،ڕێگە بە ئاخێوەری زمان دەدات زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێو دروستەی برگەدا بەگەڕ بخات. سەرەڕای ئەوە هەر توخمێکی فەرهەنگی، نیشانە و ئەدگار/ زانیاری مۆرفۆلۆژیی خۆی تێدا هەڵگیراوە، ئەوا مۆرفیمەکان هەڵگری زانیاری مۆرفۆلۆژیین، بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەش لەلایەن ئاخێوەرەوە بەپێی یاسا و ڕێسای دیاریکراوەو پێڕەوبەندانەیە، لەمەشەوە توانستی مۆرفۆلۆژیی قسەپێکەرانی زمانێك لە سەلیقەی زمانیان لەبارەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکان و دروست دارشتنیاندا دەردەکەوێت. گەر بڕوامان بەوە بێت هەر توخمێکی فەرهەنگی، نیشانە و ئادگار/زانیاریی مۆرفۆلۆژیی خۆی تێدا هەڵگیرابێت، ئەوا مۆرفیمەکان هەڵگری زانیاری مۆرفۆلۆژیین، بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەش لەلایەن ئاخێوەرەوە بە پێی یاسا و ڕێسا دیاریکراوو پێڕەو بەندانەیە، لەمەشەوە "توانستی مۆرفۆلۆژی قسەپێکەرانی زمانێك لە سەلیقەی زمانیان لەبارەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکان و دروست دارشتنیاندا دەردەکەوێت. (سەعید/سازان زاهیر، ٢٠٢٠، ٤٠-٤١)

دەبێت ئەوەش بزانرێت، کە ئەگەرکار بە گریمانەی بە پێکهاتە بوونی فەرهەنگ بکرێت ئەوا فەرهەنگیش خاوەنی یاساو ڕێساو کەرەستەی خۆیەتی، ئەوەش ئەوە دەردەخات، ئاستی فەرهەنگی خاوەنی ڕیزبوونی تایبەت بە خۆیەتی. بۆنموونە پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە، پۆلەرەگەزدیاریکردنی مۆرفۆلۆژییانە (Morphological Sub Categorization)) بۆ نواندنی مۆرفیمەکان پێش دارشتنی وشەکان و چوونە ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییەوە، بڕوانە نموونەو نواندنەکانی (1) و (2).

| **مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی** | **نواندنی مۆرفۆلۆژیی** |
| --- | --- |
| (1) أ. (- ستان) + کورد | کوردستان |
| ب- (- لە) + مێروو مێروو | |
| پ- (- چی) + پینە پینەچی | |
| ت- (- ەڵان) + بەرد | بەردەڵان |

هەمان یاسای ڕێزمانییش بۆ مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان دەبینرێت، چونکە ئەوانیش وەك سەرێکی ئەرکی دەچنە کۆتاییەوە و لە ڕووی سینتاکسیی و واتایشەوە زال دەبن، بڕوانە :

| | |
| --- | --- |
| (2) أ- ( - ەکە) + کوڕ | کوڕەکە |
| ب- ( - ێك) + منداڵ | منداڵێك |
| پ- ( - ان) + کچ | کچان |

لەنموونەکانی (1) و (2)دا ئەوە دەردەکەوێت : (1) بەپێی تیۆری (X-bar) چۆن بۆ دروستە سینتاکسییەکان لە تیۆری پۆلەرەگەزدیاریکردندا دەخرێتە گەڕ، وەهاش بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژییش پۆلەرەگەزدیاریکردنە دابەزێنرێت، بەڵام مۆرفیمی هەڵگواستن وەك بەشێکی دروستکەری وشە و لێکسیمی نوێ، لەبەر ئەوە ڕاستەوخۆ ($X^0$) دروستدەکەن و ناچنە ئاستی ($X^-$) هەوە، بۆیە ئاستی ($X^{-1}$) وەردەگرن، واتە مۆرفیمی سینتاکسی لە نموونەی (2) دا فرێز دروستکەرە و لە نموونەی (1) یشدا وشە دروستکەرە.

ڕیزبوونی مۆرفۆلۆژییانە هاوشێوەڕیزبوونی فەرهەنگیانەی مۆرفیمی دارشتن و بناغەکەی نییە، بەوەش پێشبینی دەکرێت، مۆرفیمەکانی دارشتن ($X^{-1}$) / سروشتی سەرە ڕێزمانییەکانیان هەبێت و لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا بەپێی پارامێتەری مۆرفۆلۆژیانە کۆتایی بگرن. ڕوونکردنەوەکە ئەوە دەردەخات، مۆرفۆلۆژیی بەپێی پارامێتەری سەری ڕێزمانی زمانەکەمان فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی دادەڕێژێت، مەگەر لەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکانی وەکو ( جوانە مەرگ ، سوورەگوڵ ، شۆخەژن دانەبێت، کە پەیوەست بە پرۆسەی بەلێکسیمبوونەوە بۆ واتا فۆرمیان گۆڕاوە. (مەعروف / عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٢٠، ٨)

فەرهەنگ پەیوەست بەڕێزمانەوە، ئەو یەکە زانیارییانەن، کە زانینیان دەربارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس هەڵگرتووە، هەروەك فەرهەنگ لە ڕوانگەی تیۆری ستانداردی چومسکییەوە، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێزمان، لەبەر ئەوە کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمان، خاوەنی دروستەی ناوەکیی خۆیانن، کە بەهۆیاسا فەرهەنگییەکانی وەك ( یاساکانی فۆڕمدارشتن، یاساکانی هەڵگواستن و یاسای کۆتوبەندکردن و مەرج و سنوردانان دەنوێنرێت. بەم پێیە فەرهەنگ بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی وشەکانی زمان خەزندەکات، بەجۆرێك کە قسەکەر بەهۆی نەخشەی بیری کەرەستە فەرهەنگییەکان و ڕێککەوتنەوە لە نێوان فۆڕم و واتاکەدا هەیە. ( ئە حمە د/تریفە عومەر، ٢٠١٣ ، ٩).

**١/١-١) دەروازەیفەرهەنگی (Lexical Entry):**

دەروازەی فەرهەنگی زانیاریی زمانیی ناو توخمەفەرهەنگییەکان دەگرێتەوە، کە هەموو ئەو زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکانە، واتا تایبەتمەندیی زمانیی فۆڕمێکی فەرهەنگی دەگرێتەوە.

هەموو ئەو زانیارییانەی بۆ هەر سەرەوشەیەکی ناو فەرهەنگ پێویستە بخرێتەڕوو، پێیان دەگوترێت دەروازەی فەرهەنگی، کە لە لایەکی تریشەوە وردیی و پوختیی و چۆنیەتیی ڕێکخستنی دەروازەی ئەو سەرەوشانەش بە دەروازە ناودەبرێن. هێڵی یەکەم لە دەروازەدا، کە سەرەوشەکەشی تێدا بەڕەنگێکی جیاکراوە، ڕێنووس و دەنگنووسی و برگەنووسی و زانیاریی بەشە ئاخاوتن لە خۆدەگرێت، بەتۆخی تۆمارکراوە، پێی دەگوترێت هێڵی

دەروازە، دەروازەی یەکەم هی سەرە وشەیە و دەروازەی دووەم بۆ بەرەو وشەیە، ئەمانە سەرەڕای زانیاریی ئاماژەبۆکراو، زانیاریی جیاکراوە و تایبەتن بە بەرەوشەکە. کاتێك لێماکە (سەرەوشە / بەرەو وشە ) فرە واتابێت، دەروازەکە بە هێمایان ژمارە لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، بەهەریەکیان دەگوترێت لقە دەروازە. هەر لقە دەروازەیەك پێناسە و زانیاری بنەڕەتی و ڕوونکردنەوەی تایبەت بەو واتایەی خۆی کە بۆی بەکاردێت تێدایە. (عثمان/ علی حمد ، ٢٠١٦ ، ٧)

زمان وەك پێرەو تارادەیەکی زۆر چەسپاوەو نەگۆڕە، فەرهەنگەکەی لە کێڵگەی مۆرفیمەکانی پێکهاتووە، کە بەردەوام وشەی نوێیان بۆ دێت و تیایاندا هەڵدەگیرێت، چونکە هەر کاتێک زۆربینە وشەیەکی نوێیان بەکارهێنا، وشەکە دەبێتە بەشێك لە زمانەکە، ئیتر گرنگ نییەسەرچاوەی وشەکە وەرگرتنە ( وشەی خوازراو و وشەی بیانیی)، لەیەکدانە یان هەڵگواستنیان... هتد، کەواتە زمان هی هەمووانە و هەر کەسێکیش بۆی هەیە قسەی تێدا بکات، بەڵام بڕیار و ڕێکەوتن لەلای زۆرینەیە. (مەحویی/محەمەدی،١١٧،٢٠١٠ )

هەموو زمانەکان لە ماوەیەی دیاریکراوی مێژووەکەیدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، گەلێك جار گۆڕینەکە هێندە لەسەرخۆیە، کەپاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ هەست پێدەکرێت و پێیدەزانرێت، گۆڕین دەشێت لە گشت لایەنەکانی زماندا ڕوویدات، لە دەربڕین ( نوتقکردن و تەلەفوز) و سینتاکس و فەرهەنگدا تێبینیدەکرێت و تەنانەت ڕۆژانەش دەبینرێت. (مەحویی/محەمەدی، ٢٠١٠، ١٢٧)

دەروازە زانیارییەکانی فەرهەنگ نیشانە فۆنۆلۆژیی و سیمانتیکی دەگرێتەوە، نیشانە سینتاکسیەکان ئەو جێکەوتانە دەستنیشاندەکات، کە کۆی شانەکان دەتوانن وەك یەکە فەرهەنگیەکان تیایاندا دابنرێن و دەربکەون. ئەو یاسانەشی تێدایە، دروستەکان تیایاندا دەگۆڕێن و دەکرێن بە دروستەی ڕووکەش. هەروەها یاساکەم – بەهاکانیشیان هەن، کە ناوەڕۆکی دەروەازەیەکی زانیاریی وەك کۆنیشانەیەکی فەرهەنگی نیشانە فۆنۆلۆژییەکانیc و v هکان لەڕێی یاسای تەواو گشتییەوە تەواو و وردتر دیارییدەکەن. دەروازەی زانیاری هەر >ئایتمێك<ی فەرهەنگیی، لەتەك زانیاریەکانی دیبکەدا، کاتەگۆریە سینتاکسیەکەی وشەی (N, A, V,...) تێدایە. دوای جۆری دەربڕینی فۆنەتیکی لێماکە دێت. (مەحوی/محەمەد،ئەحمەد/نەرمیینعومەر، ٢٠٠٤، ١٢-١٣)

واتای هەر سیگناڵێك بەشێکی تری دەروازەی فەرهەنگییە، کە لەڕێگای پەیوەندیی هێما بەهێماکانی تری ناو کێڵگە واتاییەکەوە دیاری دەکرێت، چونکە وشە بەگشتی لە فەرهەنگدا خاوەنی واتایەکە، کەلە ڕێگای واتای وشەکانی تری ناو کێڵگەکەیەوە دەزانرێت، توێکڵە واتاکەشی لەڕێی بەکارهێنانی دەستەواژەوە و ڕستەکاندا، واتە پەیوەندیی لە تەکنشینیدا دەردەکەوێت. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە، کە هێما زمانییەکان هەموویان لە بەکارهێناندا چوونیەك نین، لەڕووی زۆروکەمی دووبارە بوونەوەیان ئەم جیاوازی بەکارهێنانی هێما زمانییانەی فەرهەنگ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هێمایانەی کە نیشانەن بۆ پێداویستی ڕۆژانە و ئەو دەربڕاوانەی پەیوەندییان بە بەکارهێنەرەوەیە هەیە، ئەمەش بەپێی تەمەن و پیشە و چۆنێتی ژیان و گوزەرانی خەڵك دەگۆڕێت و لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازە، واتە مەرج نییە وشە چالاکەکان کە زۆر بەکاردێن، لای هەموو کەسێك وەکو یەك وابن لە ڕووی چالاکی بەکارهێنانی وشەکانەوە بەپێی پلەی چەسپاوی و نەچەسپاوییان فەرهەنگی زمان پێکدێت. (حەسەن/ساکار عەبدوڵا،٢٠١٤، ١٠-١١)

دەروازەکان سەرەڕای ئەوەی بۆ سەرە وشەو یەک لێکسێمەکانن، دەشێ بەشێک لە وشەکانی/مۆرفێمەکانیش دەروازەی فەرهەنگیی خۆیانیان هەبێت: https://en.wikipedia.org/wiki/Lexical_item#:~:text=In%20lexicography%2C%20a%20lexical%20item,it's%20raining%20cats%20and%20dogs.. وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا فۆنیمەکان بە پێی دەروازەکانیان مۆدێلی بڕگەکانیان بەرهەمدەهێنا، بەو پێیەش مۆرفێمەکان بۆ هەردوو پێواژۆی وشەدروستکردن و شکانەوەش دەروازە فەرهەنگییەکەیان دەخرێتە گەڕ. مۆرفێمەکان وەک تاک_لێکسێمەکان دەروازەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییان هەیە https://www.cambridge.org/core/books/abs/analyzing-grammar/lexical-entries-and-wellformed-clauses/2B10978C3921E394B48FDA5148EC7F84، بۆیە دەروازەکانی خۆیان بەسەر وشە نوێکەدا دەسەپێنن/حوکمی دەکەن. کەواتە وشەی بەرهەمهاتووی مۆرفۆلۆژییش دەروازەکانی هی کەرتە لێبەرهەمهاتووەکەیە(بڕوانە پارەکانی داهاتوو).

**١-١-١/١) زانیاریی مۆرفۆلۆژیانە (Morphological Information):**

زانیاریی مورفۆلۆژیی گریمانەیەکی ستانداردو گشتگیرەو بەشێکە لە توانستی زمانیی مرۆڤ، هەر چەندە مۆرفۆلۆژیی خۆی لەناو فەرهەنگدا یەکێکە لە دەروازەکانی پۆلەرەگەزەکان و کەرەستەکان. واتە یەکێکە لە زانیارییەکان و پێشبینی دەکرێت ئاخێوەری زمان لەناو کەرەستەکاندا زانیاریی مۆرفۆلۆژیانەش، وەك دەروازەیەك بزانن یان بەئاگابن لێی، گەر ئاگایی مۆرفۆلۆژییانە لای ئاخێوەر بسەلمێنرێت، ئەوا خودی مۆرفۆلۆژییش وەك پێکهاتەکانی تر بەسەربەخۆیی دەروازەی تایبەت بەخۆی دەبێت، واتەچۆن لە (X) یکدا دەروازەی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسی و سیمانتیکی هەن، بە هەمان شێوەش زانیاریی مۆرفۆلۆژییش بەشێکی زانیارییە فەرهەنگییەکانن، ئەمەش سەربەخۆیی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی دەسەلمێنێت و وا دەرناکەوێ مۆرفۆلۆژیی وەچەی پێکهاتەکی تر بێت، بەڵکو پێکهاتەیە و ئاخێوەری زمانیش توانستی مۆرفۆلۆژییانەی هەیە. توانستەکە پەیوەستە بە چۆنێتی شکانەوەو گەردانکردن هەروەها ئاگایی لە پرۆسەکانی وشەدروستکردندا هەیە، ئەویش بەوپێیەی ئاخێوەر تاکلایەنانە لە ڕێی زانیارییە ناوەکییەکانی ناو وشەو مۆرفێمەکانەوە وشەی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدەهێنێت.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (مەعرووف/عەبدولجەبارمستەفا، ٢٠٢٠ ، ١٧٣) و نموونەکانی (٣)دا ڕوون دەبێتەوە:

٣) ا. كوردستان، گوڵستان، پاکستان، ...... وشەی مۆرفۆلۆژیی گشت ئاخێوەران

ب. حیزبستان، کەرستان، ژنستان، ...... وشەی مۆرفۆلۆژیی تاکلایەنانە

نموونەکانی (...ـب)، کە وشەی مۆرفۆلۆژیی پێشبینیی لێکراون، ئەوە دەردەخەن کە تاک زانیاریی ناوەکیی پەیوەست بە مۆرفێمی /-ستان/ هەیەو مۆرفێمەکە بە نیشانە فەرهەنگییەکانی [+شوێن و +ڕووبەری فراوان] دەناسێتەوە.

ئاخێوەری زمانێك زانیاریەکانی پەیوەست بە ڕێزمانەکەیەوە لەلایە و لە بەکاربردنی زماندا بە ئاگاییەوە بەرجەستە دەکات. لەوەوە دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت، کە ئەو زانیاریانە کەرەستەیەکی خاون و لەناو فەرهەنگی ئاوەزییدا خەزنکراون، بەوەش زانیارییەکان لە خەزنکراوە فەرهەنگیەکەدا نواندنێکی ناوەکی (Internal Representation) دەبێت و لە ڕێزمانیشدا نواندنێکی دەرەکی (External Representation). زانیارییەکانی ئاخێوەری زمان لە کەرەستە فەرهەنگیەکانی دان و لە ڕێزماندا دەخرێتە ڕوو. واتە زانیارییە هەڵگیراوەکەی ناو فەرهەنگ دەبنە بنەمای فۆڕم دارشتن لە ڕێزماندا. لە ڕێزمانیشدا کەرەستەیەکی فەرهەنگی فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی بەرهەمدێنێت. داتاکانی ناو فەرهەنگێك لە شێوەی فۆڕمی نەشکاوە هەڵگیراون، واتە هەر زانیاریەکی مۆرفۆلۆژیی یان سینتاکسیی یان واتایی هەبێت، ئەوا لە ناوەخنی ئەو داتایانەدا هەڵگیراون خەزنکراون. (مەعرووف/عە بدولجە بار مستە فا، ٢٠٢٠، ١٦٧).

زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان لە تێکردەی وشەی زمانەکەمانەوە وەردەگیرێت و دەبنە هۆی دەستەبەرکردنی ئاگایی مۆرفۆلۆژییانە بۆ سەرلەنوێ دارِشتنەوەی وشەی نوێ لەسەر بنەمای دروستە و واتا. هەڵوەشانەوەی فۆرمی مۆرفۆلۆژییانەی وشەیەك و تێکشکاندنی کۆتوبەندە واتایی و دروستەیەکی پەیوەندی بەو زانیارییە شاراوە و ئاشکرای ئاخێوەری زمانەوە جهەیە. (مەعرووف/عەبدولجەبارمستەفا، ٢٠٢٠، ١٦٨). هەروەها دەشکرێت بوترێت، تەرزە مۆرفۆلۆژییەکان بەشداری لە دروستکردنی لێکسیمی نوێدا دەکەن، ئەویش ڕووی فۆڕمی نوێ لە فۆڕمی ($x^-$)دا پاش وەرگرتنی ($X^{\circ}$)ە سەربەخۆ و بەندەکان دروست دەکات، بەجۆرێك کە گۆڕان لە واتای و کێڵگەی واتایی فۆرمەکەدا دەکات. مۆرفۆلۆژیی، لێکۆڵینەوەیە لە لە مۆرفیمەکان یان لێکۆڵینەوەیە لە پێکەوەگرێدانی گونجاوی مۆرفیمەکان بۆ بەدەستخستنی وشەکان, دەکرێ مۆرفیمەکان تاکە دەنگێك بن، وەك: (ێ) لە وشەی (کچێ)دا، کە تاکە دەنگە و مۆرفیمی بانگکردنە بۆ ڕەگەزی مێ و هەڵگری واتایە، یان چەند دەنگێکی لێکدراوبن وەك (ەکە) لە فرێزی (کوڕەکە)دا، لێرەدا چەند مۆرفیمی ناسراوییە و هەڵگری واتایە، یانیش دەشێت مۆرفیم تاکە وشەیەك بێت، وەك: (مرۆڤ) لێرەدا وشەیەکە/مۆرفیمێکە و خاوەنی واتایە، یاخود وشەیەك و چەند دەنگێك بێت، وەك لە وشەی (کوڕ+ەکە) دا دیارە. مۆرفۆلۆژیی ئاستێکە بەپێی قاڵبەکانی وشە و مۆرفیمەکانی تێیدا دەنوێنرێت و پاش گرێدانی هەردووکیشیان دەبێتە دانەیەکی فەرهەنگی. واتە بەرامبەر زیادبوون و فراوانبونەکانی دەرەوەی زمان، مۆرفۆلۆژییش دەکشێت و فۆرمی نوێ بەرهەمدەهێنێت، بەرهەمهێنانەکەش هەر لەسەر ئەو تەرز و مۆدێلە دەبێت. کە پێشتر کاری پێکراوە. (سەعید/محەمەد مەجید، ٢٠١٥، ٣٦-٣٧)

پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە هەبوونی کەرەستە و داتا – مۆرفیمەکان و ڕێساکانی خستنەتەکیەك و بەکاربردنیان مۆرفۆلۆژی وەك زانیاریی و دەروازەی مۆرفۆلۆژییانەوە بەپێکهاتەبوونی مۆرفۆلۆژیی پەسەند دەکات، مۆرفیمەکان بەگوێرەی تەرزە مۆرفۆلۆژییە جیاوازەکان بەپێی یاسای (3) بۆ دروسکردنی یەکەی مۆرفۆلۆژیی گەورەتر لەیەکدەدرێت، ئەمەش پێمان دەڵێت " مۆرفۆلۆژیی بنیاتی وشەی ناسادەی تێدادەنرێت. بڕوانە نموونەی(٤) :

3) أ. $X^{\circ}$ $[(X^{\circ}) + Y]$

ب. $X^{\circ}$ $[Y+X^{-1}]$

پ. $X^{\circ}$ $[X^{-1} + Y]$ یاساکانی وشە هەڵگواستن

٤)

| لاگری فەرهەنگی هەڵاوتڕکردنی بناغەکە(X) | | دەرکردە |
|---|---|---|
| /چە_/ N | [(دەریا N)+ چە]N | دەریاچە N |
| /ی_/ N | [(جوانA)ی] N | جوانی N |

نمونەکان ئەوە دەستدەخەن، کە مۆرفیمەکان بە پەیرەوکردنی تەرزە دروستییە مۆرفۆلۆژییەکان دەخرێنەتەکیەوە و وشەی ناسادەیان لێدروست دەکرێت. بەجۆرێك پێشبینی دەکرێت، لاگرەکان وەك گەتەگۆری بە دەسەڵات، بناغەیان هەڵاوێر بکەن.لاگرەکانیش لە نێو سنوری دروستەی وشە ناسادەکاندا، بە زانیارییەکانیانەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، زانیارییەکان بە پەیرەوکردنی یاساورێسا مۆرفۆلۆژییەکان بەرجەستە دەکرێن.زانیاری فەرهەنگیی، سنیتاکسییانە دەنوێنرێت " دەستنیشانکردن وخستنەڕووی کەرەستە و توخمی فەرهەنگیی پێویست بۆ بونیاتانی دروستەی سنیتاکسی فرێز، بەبنەماکانی پرۆژەسازدان هەژماردەکرێت، چونکە فەرهەنگ بەهۆی وشە بە دەسەڵاتەکانییەوە، کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی هەر پرۆژەیەکی سینتاکسی دەستدەخات، بەمەش هەموو نواندنێکی سینتاکسی، بنەماکەی لە فەرهەنگدایە.( سەعید /سازان زاهیر، ٢٠٢٠، ٤١-٦٣)، ئەگەر بێتوو سەیری فەرهەنگەکانی ( م. زەبیحی ) بە هەردوو بەرگەکەیەوە تاکە فەرهەنگی کوردییە، کە هەوڵی دابێ لە دەروازەی وشەکانیدا جێی بۆ زانیاریی مۆرفۆلۆژیی کردبێتەوە، بەمەش لەو ڕووەوە بۆتە پێشەنگی فەرهەنگەکانی کوردی. بۆ نموونە لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بەم شێوەی خوارەوە (بڵاوەپێکردن) لێك دەداتەوە.

بڵاوەپێ کردن ( بڵاوە + پێ ( بە + ی ) + کردن ).

بێگومان زانستی مۆرفۆلۆژیی لێرەدا دوایی نایەت، چەندین ڕاستی مۆرفۆلۆژیی تر هەن، دەبێ فەرهەنگ بیانکاتە سەرچاوەوە. گەورەترین گۆڕان لەم ڕووەوە ئەوەیە گیرەکەکان، وەك وشە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت، وەك وشە دەروازەیان بۆ دابنرێت.( فتاح /محەحەد معروف، ٢٠١٠، ٣٧١).

**١/١-١-١-١)پرۆژەسازدانی مۆرفۆلۆژییانە (Morphological Projection)**

ئەگەرچی بنەماكانی تیۆری (X-bar) وەکو مۆدێلێکی ڕێزمانی خرانەڕوو، ئەوەی دەرکەوت، کە زانیاریەکانی ناو توخمە فەرهەنگیەکان، کە(x)هەکانن بوونی زانیاری سینتاکسی و مۆرفۆسینتاکسین بەجۆرێك، کە زانیاریە سینتاکسیەکان پەیوەست بە دروستە و ئەرك / دۆخەوە بۆ سازدانی پرۆژەی سینتاکسی و پێدانی ئەرکی سینتاکسی، بەڵام پەیوەست بە مۆرفۆسینتاکسەوە لە بەرئەوەی هەندێک سەرەڕای ئەوەی کە مۆرفیمن و دەوروبەری مۆرفۆسینتاکسیانەی پۆلەڕەگەزە سەربەخۆکان دەردەخەن، کەچیی خۆشیان نرخی (X°) یان هەیە پرۆژەسازدەرن و فرێز دروست دەکەن. واتە بەگشتی دەروازەکانیان دەروازەی سینتاکسی و مۆرفۆسینتاکسین، کە ئەمەش لە ڕاستیدا پابەندیی و ئاکاری تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە وەك لە تیۆری (X-bar) خرایەڕوو لە دەروازە سینتاکسیەکاندا دەستەیەك حوکم و دەستەکەی تریش دۆخیان هەیە. بۆیە بەپێی ئەو مۆدێلەی کە ڕێزمانی کوردیی دەکرێ پێشبینی ئەوە بکرێت، کە دەروازەکەیان لە دەروازەیەکی سینتاکسیەوە بێ بە دەروازەیەکی مۆرفۆلۆژییانە، بەڵام گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە ئایا ئەو توخمانە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەمان توخمن بە هەردوو دەروازەی زانیاریی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییەوە یان جیاوازن و هەر یەکەیان بەجیا دەروازەی فەرهەنگی خۆیانیان هەیە. واتە لەوەوە دەکرێت پرسیاری ئەوە بکرێت، ئەو سەرانەی/ توخمە پرۆژەسازدەرانەی(N, A, V...) لە تیۆری (X_Bar)دەستنیشانکراون، خۆیان لە چوارچێوەو سنوری سینتاکسدان یان توخمی ئازادن و جڵەوی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییشیان هەیە؟

بە پێی گریمانەکە دەبێت هەریەک لە توخمەکانی ناو فەرهەنگ دەروازەی فەرهەنگیی/ زانیاریی خۆیان هەبێت، چونکە کۆتوبەند و ڕکێفی هەریەکەیان لێکجیاوازن، هەریەکەیان لە پێکهاتەیەکدا پرۆژە سازدەدەن. وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کرا، فۆنیمەکان لە مۆدێلی برگەکاندا ڕکێفیان هەیەو یاساو ڕێسا فۆنۆلۆژییەکان جێبەجێ دەکەن. سەرەڕای ئەوەش دەکرێت فۆنۆلۆژیی لە کۆی مۆدێلی ڕێزماندا هەژمونی هەبێت، بە تایبەتی لە ڕوانگەی ناکەرتییەوە پاشان کەرتییەوە.

گەر بڕوانرێتە کەرەستەی ناو ئاست و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی، ئەوا دەردەکەوێت، کە کەرەستەکان دەروازەی زانیاریی ناوکییان هەیە، واتە لە ناو خودی مۆرفۆلۆژییدا دەروازەی خۆیان پەیوەست بە دروستەی مۆرفۆلۆژیی و واتایی هەیە، بۆیە هەر لە توخمەکەدا پرۆسەکە هەڵگیراوە، ئەویش بەو واتایەی مۆرفیمەکە جڵەوی پرۆسەکە تایبەت بە هەڵگواستن و لیکدانیش دیاریکردووە.

ئەوەی دەروازەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکە دیاریی دەکات و فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدەهێنێت، تیۆری (X-Bar)مۆرفۆلۆژیانەیە. ئەگەرچیی تیۆرەکە بۆ نواندنی زانیاریە سینتاکسییەکانی توخمێکە، بەڵام بۆ ناو دروستە مۆرفۆلۆژییەکانیش دابەزێنراوە(بڕوانە پاری داهاتوو).

**١/١-١-١-٢) تیۆری (X-bar)ی مۆرفۆلۆژییانە**

ئەم تیۆرە لە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا گەشەی کردووە هەوڵی هەندێک زانایە بۆ ئەوەی تیۆری (X-bar)، کە تیۆرێکی سینتاکسیی تایبەت بە فرێزە، بۆ فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان کە وشە ناسادەکان دەگرێتەوە بەکاربهێنرێت. بۆیە هەر لە خودی ناونیشانەکەوە دەبێ پرسیاری ئەوە بکرێت، کە ئایا هەمان ئەو توخمە فەرهەنگیانەی بە دەروازەی سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسیەوە فرێزەکانیان دروستکردو پرۆژەیان سازدەدا و حوکمیان کرد و دۆخیان دەبەخشی، هەر ئەوانەن کە لەتیۆری (X-bar)دا دەروازەکەیان لە سینتاکسییەوە دەگۆڕێ بۆ دەروازەی مۆرفۆلۆژیی ؟

یان ئەو توخمانەی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان بەرهەمیان دێنن دەروازەکانیان لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا گۆڕاوەو بەپێی نرخی(X°) مامەڵەی لەگەڵ توخمە پرۆژەسازدەرەکان دەکرد، بۆیە توخمەکان لە فەرهەنگدا هەمان هێزی پرۆژەسازدانیان هەبووە، بەڵام تیۆرەکە بۆ مۆرفۆلۆژیی لە نێوانی دوو پێشنیازدایە ئەویش ئەوەیە، کە نرخەکان جا چ مۆرفێم یان وشە یان نرخی (X°) یان هەیە یان نرخی ($X^{-1}$)بەوەش ئەو واتایەمان دەست دەکەوێت کە :

1- (X°) هەکان خاوەنی دەروازەی زانیاریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسین. ئەو توخمانە بەرهەمهێنەری پرۆژەی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژین، ئەگەرچیی لەڕووی فۆڕمەوە سەر بەهەمان پۆلە ڕەگەزن،بەڵام لە دوو پێکهاتەی جیاوازدا فۆڕم بەرهەمدێنن، واتە (X°)ی ناوپرۆژەی سینتاکسی و هی ناو پرۆژەی مۆرفۆلۆژیی. (بڕوانە پارەکانی داهاتوو)

2- ($X^{-1}$) کە مۆرفێمی بەندی هەڵگواستن دەگرێتەوە، بەتەنها بۆ ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژین، لەو ڕوانگانەوە لەپارەکانی داهاتوودا توخمەکان بۆ بنیاتنانی پرۆژەی مۆرفۆلۆژیی تاقیدەکرێنەوە.

ململانێیەکی هاوتەریی لە نێوان سینتاکس و مۆرفۆلۆژییدا هەیە، لە سینتاکس و مۆرفۆلۆژییدا دەتوانرێت سەرێک وەک توخمێک لە فۆڕمێکی ئاڵۆز دەستنیشان بکرێت (دەستەواژە لە سینتاکس و وشەکان لە مۆرفۆلۆژییدا)، کە هەمان پۆلە لەگەڵ تەواوی فۆڕمی تێدایە(دەستەواژە یان وشە)، بەڵام ئاستێکی یەک باڕ کەمترە.(Philip A. Bralich (1991:75-80

**١/١-١-١-٣)پرۆژەی مۆرفۆلۆژییانە (Morphological project)**

وەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدرا مۆرفۆلۆژیی پێکهاتەیەکی ڕێزمانە. ئەوەش بە پێکهاتەبوونی مۆرفۆلۆژیی دەسەلمێنێت بەجۆرێک، کە خاوەنی کەرەستە و یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆیەتی، بەم جۆرە بێت بۆ زمان و ڕێزمانی گشت زمانەکان ئەو کەرەستانەی کە لە فەرهەنگدان بۆ کۆی پێکهاتەکانی ڕێزمان مارکەلێدراوە و دیاریکراون، ئەویش بەو مانەیەی، کە هەر پێکهاتەیەک جگە لە یاساو ڕێسای خۆی، کەرەستەی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ ئەوەی پرۆژەکانی پێبەرهەم بێنێت، بۆ نموونە : فۆنێمەکان بۆ دروستکردنی مۆدێلی برگەی زمان دێنە ناو


پێکهاتەی فۆنۆلۆژییەوە سنوری ئەو پێکهاتەیە نابەزێنن. بەو پێیەش بێت مۆرفێمەکان (بەندەکان) پسپۆریەکی یان تایبەتمەندییەکی فەرهەنگیین بۆ دروستکردنی یان بەرهەمهێنانی فۆرمی مۆرفۆلۆژیی، بەڵام بەپێی پێکهاتەکانی رێزمان لە نێوانی مۆرفۆلۆژیی و وشەدروستکردن و مۆرفۆلۆژیی شکانەوەدا پێکهاتەیەکی تر بۆ وەرگرتنی مۆرفێمە بەندە رێزمانی و فەرهەنگییەکان دێتە ئاراوە، کە ئەویش مۆرفۆسینتاکسە(پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە بڕوانە (ئەبوبەکر عومەر قادر(نامەی دکتۆرا). بۆ ئێمە و پەیوەست بە ئەم پرۆژە زانستیەوە ئەو مۆرفێمە بەندانە وەك مۆرفێمی پرۆژەسازدەری سینتاکسیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکە تیۆری (X-bar) ی کردۆتە بنەمای بەرهەمهێنانی پرۆژەکان لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشدا، file:///C:/Users/win7/Downloads/Projections_from_Morphology_to_Syntax_in_the_Korea.pdf ئەوەش بۆ لێکۆڵەر پابەندیەکی دروستکردووەو لەسەر ئەوە دەڕوات.

بەو پێیە یێ لەناو فەرهەنگدا (مۆرفێمەکانی هەڵگواستن) بۆ ناو مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن مارکەیان لێدراوەو دەروازەکەیان تەنها دەروازەیەکی مۆرفۆلۆژییانەیە، بەڵام لە ناو مۆرفێمە بەندە رێزمانیەکاندا توخمی پرۆژەسازدەری سینتاکسی هەن و نرخی (X°) یان هەیە و دروستکەری فرێزن و بەڕێ ی (سەرو تەواوکەر) پرۆژەکە دروستدەکەن، واتە لێکۆڵینەوەکە جیاکارییەك لە نێوان مۆرفێمی بەندی هەڵگواستن و مۆرفێمی بەندی رێزمانی دەکات بە جۆرێك هەڵگواستنەکان تەنها دەروازەی مۆرفۆلۆژییان هەیە($X^{-1}$)، بەڵام مۆرفێمە بەندەکان وەکو باس کرا دەبن بە (X°)، کە ئەوەش پابەندییەکە لە نێوان دوو پێکهاتەی جیاوازدا بڕیاریان لەسەر دەدرێت.

واتە داتاکان ئەوە دەسەلمێنن، کە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس هەمان باگراوندی فەرهەنگییان هەیە، کە ئەویش ئەوەیە توخمە فەرهەنگییەکان دەروازەکانیان یان وەك یەکە یان تێکەڵ بە یەکتردەبن. بۆیە لێکۆڵینەوەکە بەو ئاراستەدا کار دەکات، کە توخمە فەرهەنگییەکان لەسینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییدا مارکەیان لێدەدرێت نەك لە فەرهەنگەوە بۆ ناو پێکهاتەکان مارکەلێدراوبن.واتە توخمەکان بە [ +/- مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس]ەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، کە هەر یەکێك لەوانە بەشێکی زۆری دەروازە زانیاریەکەیان دەگۆڕێت، ئەمەش گریمانەیەکە لە پارەکانی دواتردا تا قیدەکرێتەوە. بڕوانە ئەم هێڵکاریی ژمارە (١)و ژمارە (٢) :

هێڵکاریی (١)

(X°) توخمی فەرهەنگی(مۆرفێم (بەندەکان) ، وشە )



مۆرفۆلۆژیی سینتاکسی

هێڵکاریی (٢)

($X^{-1}$) مۆرفێمی هەڵگواستن

مۆرفۆلۆژیی

پاش نواندنی ئاستی مۆرفێمەکان بە پێی پرۆژەی مۆرفۆلۆژیی، دەبێت لێرەوە لە چەشن و جۆرەکانی مۆرفێمەکانەوە بچینەوە بۆ ناو دەروازەی دروستەیی مۆرفێمەکان و لە خوارەوە مۆرفێم ودابەشکردنەکانیان بخرێتە ڕوو.

**١/١-١-١-٣-١) مۆرفێم و جۆرەکانی**

هەروەك دەبینین، وشە دروستەی هەیە و ژمارەیەکیش لەوشەکان لە یەکچوونی کەمەکیی لە فۆرم – واتادا نیشاندەدەن، بەڵام لەزۆربەی حاڵەتەکاندا پەیوەندیی فۆرم و واتا ڕاست و ڕەوان و ڕاستەڕێیە و بەش یان سەگمێنتەکانی بەئاسانی بۆ بەشە پرواتاکانی وشە لەیەکجیادەکرێتەوە و لەیەکدەترازێنرێن. ئەو بەشانەی وشە ناونراون (مۆرفێم). کەواتە وشە هەن دوو مۆرفێم یان پتر لە دوو مۆرفێمیان تێدایە (بڕوانە/ نە- خۆش – ی – خۆش – ی/!) و مۆرفێم دەتوانرێت بە بچوکترین پێکهێنەری پڕۆ_واتای دەربڕوای زمانی دابنرێت (مەحوی/محەمەدی،٢٠٢١، ٦) هەرچەندە ڕۆنانکارەکان لە جیاکردنەوە و ترازاندنی ئاستەکانی زماندا بەهەڵەچوون، لەبواری مۆرفۆلۆژییدا جێپەنجەیان دیارە. گرنگترین دەسکەوتیان دۆزینەوەی ئەو ڕاستیەیە، کە وشە خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆیە، لەکاتێکدا کە دێرییەکان وشەیان بەبناغەی تیۆری و ڕێزمان هەژمارد دەکرد، ڕۆنانکارە ئەمریکایەکان ئەو ڕاستیەیان سەلماند، کە وشە بۆ پارچەی وردتر کەرتدەکرێت، پارچەی وەها کە واتا یان ئەرکی ڕیزمانی هەبێت، بەم جۆرە ڕۆنانکاران مۆرفۆلۆژییان کرد بە بەشێك لە زمانەوانیی، کە ئەرکی لیکدانەوەو ڕیکخستنی مۆرفێمیان لە ناو چوارچێوەی وشەدا پێسپارد. کەواتە مۆرفۆلۆژیی لێکۆڵینەوە ڕۆنانی ناوەوەی وشەیە.

ئەوە ڕەنگە لە لای هەندێك جێی سەر سوڕمان بێت، بە تایبەتی چونکە قسەکەر ئاسایی وشە وەك یەکەیەکی واتایی تێکچڕاو و سەربەخۆ دەبینێت، لە بەر ئەوە زۆر وشە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە سادەن واتا کەرت ناکرێن بۆ پارچەی واتاداری تر، بۆ نموونە وشەیەکی تر وەك (بەراز) و( هەڵۆ) کەرت ناکرێن بۆ پارچەی وەها، کە بەهای واتاییان هەبێت، هەرچەندە لەڕووی فۆنۆلۆجیەوە لە دوو برگە ( بە، راز، هە، ڵۆ ) یان لە چەند فۆنمێك پێکهاتوون. (ب. ر.ا.ز، ه.ە.ڵ.ۆ) هیچ واتایەك یان ئەرکیکی ڕیزمانیان نادریتەپاڵ (فەتاح/محەمەدمەعروف، قادر/سەباح ڕەشید، ٢٠٠٦، ٧)

بەکارهێنەری زمان لەوانەیە تووشی وشەی نوێ بێت کە پێشتر نەیبیینیوە یان بیستبێتی، یان لەوانەیە بیەوێت وشەیەکی نوێ دروست بکات. بۆ هە ردوو مەبەستەکە بەسوودە کە زانیاریی لەسەر مۆرفۆلۆژیایی بەرهە مدار لە فەرهە نگەکەدا دابنێت. ئەمەش بە دروستکردنی وشەیەک دەکرێت بۆ هە ر پاشگرێکی بەرهەمدار لە فەرهە نگەکەدا دابنێت. ئەمەش بە دروستکردنی وشەیەک دەکرێت بۆ هە ر پاشگرێکی بەرهە مدار، لەلایەکی ترەوە، هەموو ئەو وشانەی کە هە بوون بە پاشگر ریزی بکەین ئێمە پۆلی ڕستەسازیی ئەو وشە بنەڕەتیانە دیاری دەکەین کە دەتوانرێت پاشگرەکە پێیەوە هاوپێچ بکرێت، بەشداریکردنی مانای ئەو پاشگرە بۆ وشەیەکی ئالۆز وشەی بنەڕەتی. وەک هە

موو مۆرفۆلۆژیستەکان دەزانن، ئەوەندە ئاسان نییە کە دابەشکردنی لە نێوان پاشماوە بەرهەمدارو نابەرهەمدارەکاندا بکرێت:
هەندێکیان نیمچە بەرهەمدارن، واتە تەنیا ناوبەناو دەبنە هۆی دروستبوونی نوێ. باشترین چارەسەری پراکتیکی لێرەدا ئەوەیە کە هەروەها ئەو پاشگرانەی کە پلەیەکی تارادەیەک نزم لە بەرهەمهێنانیان هەیە لە فەرهەنگەکەدا بخرێتە ناو فەرهەنگەکەدا، چونکە ڕەنگە بەکارهێنەری زمانەکە ناوبەناو تووشی وشەی نوێ بێت کە ئەو جۆرە پاشگرانەیان هە یە، جگە لە پاشگرە بەرهەمدارەکان، هەروەها پۆلێکی گەورەی پەیوەستکەری بەرهەمداری هەیە، مۆرفیمەکان کە هەندێک جار وەک وشەی سەربەخۆش بوونیان هەیە، بەڵام هەمیشە مانایەکی تایبەتیان هەیە کاتێک لە وشەیەکی ئاڵۆزدا بەکاردەهێنرێت.(Booij, Geert, 2017:7)
دۆزینەوەی مۆرفێم دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ زمان، بەوەی زمانەوانانی هاندا، بۆ گەڕان بەدوای وردە واتاکان و دەستنیشانکردنی پیتەکانی هەڵگری ئەم واتایانە، لە ئەنجامدا گەلێ مۆرفێمی وردتر لە وشە و ئامراز دۆزرانەوە، وەك مۆرفیمەکان: کات، دوری، نزیکی...هتد. هەروەها ئەم دۆزینەوەیە، نەبووە هۆی (مردنی وشە)، بەڵکو هەڵوێستی بوونی وشەی بەهێزتر کرد، چونکە مۆرفێمی لێکدراو نییەو بەزۆری پتر لە مۆرفێمێك لە شوێنەکاندا کۆدەبنەوە، کە زاراوەی (وشە) کۆیان دەکاتەوە. ئەمەش بوو، وای لەزمانەوانان کرد بەدوای یەکەیەکی وردتر لەوشە بگەڕێن وکەموکووڕیەکانی ئەو پێناسەیە پڕبکەنەوە، کە دەڵێت: (وشە دانەیەکی واتادارە)، لە شیکردنەوەی ڕێزماندا بەردەوامبوون، تا گەیشتە دوا کەرەستە پێکهێنەرەکان، کە مۆرفێمە (ڕەسول/عەبدوڵلاحوسێن،٢٠١٤، ٦٨)، کەواتە زاراوەی مۆرفێم ئاماژە بەبچووکترین یەکە دەکات، ئەو یەکە پێکهێنەرانەی وشەن، کە ناتوانرێت لەڕووی واتاو ئەرکی ڕێزمانییەوە لەوە زیاتر بچووکتر بکرێتەوە. بەپێی پێناسەکە مۆرفێم ناتوانێت هەڵبوەشێنرێتەوە بۆ یەکەی بچووکتر، کە خۆیان واتادارین یان ئەرکێکی ڕێزمانیی نیشانە بدەن. وەك (با) کەرتبکەین (کەتەنها لەیەك مۆرفێم پێکهاتووە) بابڵێین بۆ (ب) و (ا)، کە ناکرێت بگوترێت، هەر یەکێك لەو دەنگانە (ب) و (ا) واتایان هەیە، چونکە دەنگەکان هەر بۆخۆیان واتایان نییە. ( محمد /حاتم ولیا، ٢٠١٩، ٥١) واتە باسکردنی مۆرفێم و چۆنیەتی ریزکردنیان بۆ ڕۆنانی وشە و دەربڕاو دەستەواژەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە دێتە ئاراوەو جەختکردن لەسەر ڕواڵەتی مۆرفێم لە چوارچێوەی کاری وشەسازیدایە، هەرچەندە ئەرکی سینتاکس لێکۆڵینەوەیە لە چۆنێتی ڕیکخستنی یەکە زمانییەکان بەپێی گونجان و هاوڕێیەتی ئەو کەرەستانە لە پێکهاتەی وشەو فرێزو ڕستەکاندا، بۆیە بەلای (ڕادفۆرد)ەوە ((مۆرفێم بچوکترین یەکەی پێکهاتەی ڕێزمانییە)) لەبەرئەوەی هەموو ئاستەکانی زمان تێکچڕژاو و لەیەکدی دانەبڕاو و تەواوکەری یەکترن، بۆیە دەکرێت بوترێت مۆرفێم داینەمۆ و کەرەستەی خاوی ئاستەکانی وشەسازی و ڕستەسازیو واتاسازی و پراگماتیکە (بڕوانە بەشی سێیەم)، چونکە ((بەفۆنێمێك یان زیاتر مۆرفێم پێکدێت، بە مۆرفێك یان زیاتر وشە پێکدێت، بە وشەیەك یان زیاتر فرێز پێکدێت چەند فرێزێکیش ڕستەپێکدەهێنێن)) بەیەکگرتنی ڕستەکانیش دەق و ئاخاوتن دێتە ئاراوە. ( ئەحمەد/ڕۆستەم محەمەد،٢٠١٨، ٨٨) لە ڕووی ئەرکیشەوە مۆرفێم وەکو کەرەستەی سەرەکی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس خۆی وەکو کەرەستەی سەرەکی هەردوو ئاستەکە دەنوێنێت و یەکێکە لەو هۆیانە کە حاڵەتی ڕێزمانی کە مۆرفۆلۆژیی، هەروەها لە سینتاکسدا پێکدێنێ، لەزمانی کوردیدا، کە حاڵەتی ڕێزمانی زۆرە، مۆرفێمە هەمەچەشنەکانی هۆیەکی هەرە کاریگەر و ناسراون لەپێکهێنان و دەربڕینی ئەو حاڵەتە ڕێزمانیانەدا لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا فۆرمێك نین و زمانەوانە هاوڕێکانی لە هێڵکاریەکدا پۆلێنکردنی مۆرفیمەکانی زمانی ئینگلیزیان بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشکردووە.

هێڵکاریی (٣)

مۆرفیم
ئازاد بەند
پۆلەداخراوەکان پۆلەکراوەکان ڕەگ پاشگر
پێشگر
(شکاندنەوەی ڕێزمانی) (وشەی فەرهەنگی)
کۆنجێکشن (و...) ناوشکاندنەوە
هەڵگواستن
پرێپۆزیشن (بۆ ...) ئاوەڵناو
مۆرفێمی ناساندن (ەکە) کردار پاشگر پێشگر
پاشگر پێشگر
جێناو (ئەو) ئاوەڵکردار

( عەلی/پێشڕەوسالح ، ٢٠١٥، ٧٦) مۆرفێم بەپێی چەندین بنەما پۆل دەکرێ.
هەندێک مۆرفێم بەگشتی دەکەن بە دوو جۆر و ئەمانەش بەچەند جۆرێکی ترەوە وەك لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێ:

هێڵکاریی (٤)

مۆرفیم
ئازاد بەند
لێکسیکی ئەرکیی گیرەك بنکەی بەند
نووسەك
(سەربەخۆ)
ڕێزمان شەدارێژ
بەرگر دواگر
پاشگر پێشگر ناوەگر جووتەگر پاشگر
پێشگر ناوگر جووتەگر

( فتاح/ محەمەدمەعروف، قادر/سەباح رەشید، ٢٠٠٦، ٢٩ )، مۆرفێمە کاراییەکان لە بەرامبەر مۆرفێمە وشەییەکان، مۆرفێمە کاراییەکان بەشداری لە زانیاریی ڕێزمانیدا دەکەن، لە کاتێکدا مۆرفێمە وشەییەکان زانیاریی لە ناوەڕۆکیان دایە. ڕەگی وشەی مۆرفێمە کاراییەکان بریتین لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ڕێزمانی، لە کاتێکدا ڕەگەکانی ناوەڕۆکی وشەیی یان چەمکییان هەیە،

جیاوازییەکی نزیک لە پەیوەندیدا بریتییە لە مۆرفێمی پۆلی داخراو و پۆلی کراوە. مۆرفێمە وشەییەکان پۆلی کراوەن؛ مۆرفێمی نوێ بە ئاسانی زیاد دەکرێت بۆ ئەم پۆلە. مۆرفێمە کارایییەکان بریتین لە پۆلی داخراو؛ بە دەگمەن مۆرفێمی نوێ زیاد دەکرێن.(Davies, AmyJ. Goodwin,2018:85)).

هەریەک لە هێڵکارییەکانی سەرەوە جگە لە دیاریکردنی توخمەکانی ناو مۆرفۆلۆژیی هیچ یەک لە کۆتوبەندەکانیان نەخراوەتەڕوو. جلەوە ڕێزمانییەکانیان پەیوەست بە بەرهەمهێنانیی دروستەیی لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا نەخراوەتە ڕوو. دەبێت لە ڕوانگەی ئەو گریمانەیەوە بڕوانرێتە توخمەکان کە دەروازەی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە پێشبینییدەکرێت لەناو دەروازەکاندا تێکەڵبوونی پێکهاتەیی هەبێت، ئەگەرنا دوو دەروازەیی دەبێتە هۆی ئەوەی توخمەکان بە توخمی جیا دابنرێن.

**١/١-١-٣-٢) پرۆژەی هەڵگواستن:**

وەک ئاماژەی بۆکرا مۆرفێمەکانی هەڵگواستن لە بەرهەمهێنانی دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا کۆتوبەندداربوون، بەوەش دەروازەی مۆرفۆلۆژیی ئەو مۆرفێمانە بێ تێکەڵبوون دەبێت. هەریەک لە ()ەکان پەیوەست بەو تاواوکەرەی داوای دەکەن، توندوتۆڵن و یاسا مۆرفۆلۆژییەکانیان کۆتوبەندکردووە. پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی تەواوکەرەکانەوە مۆرفێمەکانی /هەڵ، ستان، ەر، ی/ تاقیدەکرێنەوە. لەبەرئەوەی ($X^{-1}$) لە دروستەی هەڵگواستندا سەرەو ئەو هەڵاوێری تەواوکەرەکە دەکات، بۆیە پاشگر یان پێشگرەکە داوای بناغەکە دەکات، بۆیە دەروازەی دروستەی مۆرفۆلۆژیی لە ($X^{-1}$)دایە و ئەو داواکەرەکەیە، بڕوانە (٥) بۆ جێبەکردنی هەڵاوێرە دروستەییەکە.

٥) ا. ستان +[N/ Y] بڕوانە نموونەی (٦_ا)

ب. هەڵ + [N/ Y] بڕوانە نموونەی (٦_ب)

پ. ەر + [V/ Y] بڕوانە نموونەی (٦_پ)

ج. ی + [AY//N] بڕوانە نموونەی (٦_ج)و (٦_ت)

نواندنە دروستەییەکەی (٥) لە هەڵاوێرکردنی بناغەکاندا ڕێژەی کۆتوبەندیان جودایە، هەریەک لە (٥_ا،ب،پ) کۆتوبەندی فەرهەنگیان بۆ هەڵاوێرکردنەکە توندوتۆڵە، بە چەشنێک /ستان/ ناو هەڵاوێردەکات، /هەڵ/ ناوی کرداریی، /ەر/یش کردار، کەچی بە پێی (٥_ج) /ی/ جووت هەڵاوێرە، بۆ جێبەجێکردنەکەی بڕوانە نموونەکانی ژمارە (٦).

٦) ا. کوردستان، گوڵستان، گۆڕستان، ....

ب. هەڵچوون، هەڵدان، هەڵفڕین، هەڵخستن، ....

پ. نوسەر، بینەر، دانەر، چێنەر، ....

ج. کوردیی، هەورامیی، هەولێریی، لادێیی، شاریی، ....

ت. جوانیی، شیرینیی، سەوزیی، بەرزیی،

نموونەو جێبەجێکردنەکانی (٦)ئەوە دەردەخەن، کە: (ا) مۆرفێمەکانی هەڵگواستن ($X^{-1}$) بەرهەمهێنەری پرۆژەکەن و جڵەوی دروستەیی بەدەستەوەیە، بەوەش ئەوان دەبنە سەر و حوکمی دروستەیی تەواوکەرەکانیان دەکەن، لەو ڕوانگەیەوە هەڵاوێرکردنی چەشن و جۆری تەواوکەرەکان/بناغەکان بەشێک دەبێت لە دەروازەی فەرهەنگیی/مۆرفۆلۆژیی مۆرفێمەکانی هەڵگواستن، بڕوانە هێڵکاریی (٧ و ٨) لە خوارەوە، (ب) واتای بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکە مۆرفێمە هەڵگواستنەکە بەرهەمی دێنێت، بۆیە پرۆژەکە لە دەروازەی فەرهەنگیی/ مۆرفۆلۆژیی مۆرفێمەکەدا واتاکەی هەڵگیراوەو مۆرفێمەکە بە تەواوکەرەکەی دەدات، بۆ نموونە لە دەروازەی مۆرفۆلۆژیی /ستان/دا واتای [+شوێن و +ڕووبەری فراوان] هەیە، بۆیە ناوی <کوردستان> شوێن و ڕووبەرێکی فراوان دەگەیەنێت. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەرچیی/گا، دان، جار،..../ دەروازە مۆرفۆلۆژییەکەیان شوێنیان تێدایە، بەڵام [-ڕووبەری فراوان]وای کردوە دەروازەی واتاییان یەک نابێت، بەوەش دەبنە مۆرفێمی فەرهەنگیی جیاواز نەک ئەلۆمۆرف. (پ) لە ڕوانگەیەکی ترەوە گەر گەر بڕوانرێتە نموونەکانی (٦_ج،ت) ئەوە یان دەبێت پێشبینیی دوو مۆرفێمی /ی/ بە دوو دەروازەی مۆرفۆلۆژیی جیاوە بکرێت، یان مۆرفێمەکە هەر لە فەرهەنگەوە هەڵاوێری دروستەیی بۆ ناوو ئاوەڵناویشی تێدا هەڵگیراوە. دەرکردەی نواندنەکە لە (٦_ج،ت)دا ئەوە دەردەخات، کە وەک چۆن /گا، دان، جار،..../ بۆ شوێنن، بەڵام دەروازەیەکی جیاو فۆڕمێکی جیا، جیایان دەکاتەوەو دەیانکات بە دوو فۆڕمی جیای فەرهەنگیی، هەر لەوەوە //و // ئەگەرچیی هەمان فۆڕمان هەیەو هۆمۆفۆن(پەیوەست بە هۆمۆفۆنیی لاگرەکان بڕوانە محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید ())، بەڵام (١) /ی/ لە (٦-ج)دا ناوی وەک بناغە هەڵاوێرکردووەو دەرکردە دروستەییەکەی ئاوەڵناوییە، واتای چەشنێک لە نەسەب و خزمایەتیی دروستکردووە، بەوانەش سێ دەروازەی مۆرفۆلۆژیی دروستەیی و ڕێزمانیی و واتایی جیای هەبێت، (٢) /ی/ لە (٦-ت)دا ئاوەڵناوی هەڵاوێرکردووە، دەرکردەکەی ناوییە، واتای پرۆسەی بەرهەمهێنەوە، بۆیە بە پێی دەروازەی فەرهەنگیی/ مۆرفۆلۆژیی جیا پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە لە فەرهەنگدا بە دوو مۆرفێمی جیا هەڵگیرابێتن، نەک یەک مۆرفێم بن بە دەروازەی جیاوازەوە. ()هەر لە (٦)دا بڕوانرێتە (Y)ەکان، ئەوە دەردەکەوێت، هەندێک لە بناغەکان لە فەرهەنگداو لە دەروازەکانیاندا [+دەسەڵاتدار]و لە سینتاکسدا خۆیان پرۆژەسازدەرو حوکمکەرن و نرخی (X)یان هەیە، کەچیی لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکەدا دانە (Y)! لەوەوە دەبێت، پرسیاری ئەوە بکرێت، کە ئایا بناغە مۆرفۆلۆژییەکەن بە دەروازەی فەرهەنگیی/ مۆرفۆلۆژیی جیاوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون واتا بۆ نموونە (N / A/ V)یەک بە دوو دەروازەوە لە فەرهەنگدان، یان هەر هەمان پۆلەرەگەز بە نیشانەی [+/- دەسەڵاتدار]ەوە لە فەرهەنگدان؟! هەنگاوەکانی توێژینەوەکە بەو ئاراستەیەدا دەڕوات، کە هەرچەندە بە پێی دابەشکردنی مۆرفێمەکان، سەربەخۆیی سیمای مۆرفێمە سەربەخۆکانە، بەڵام مۆرفێم بە دەروازەی (X)و (Y)ەوە لە فەرهەنگدا نین، بەڵکو دەبێت یان (X) یان (Y)بن، بۆیە گەر وەها بن، ئەوا: (ا) یان دوو مۆرفێمی جیان بە دوو دەروازەی جیاوە، (ب) یان لە جێکەوتەکاندا دەسەڵاتداریی و بێدەسەڵاتییان دەردەکەوێت. بەو پێیە پێی مۆرفێمەکان لە مۆرفۆلۆژیی هەڵگواستندا دەسەڵاتیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، ئەوەتا تەنانەت لە (٦_پ)دا کردارەکان لەژێر ڕکێف و دەسەڵاتی پاشگرەکەدان و پاشگرەکە کردارەکەی لە

کردارەوە کردووە بە ناوێکی بکەریی. بڕوانە جێبەجێکردنی هەردوو گریمەنەکە لە (٥)و (٦)دا

$X^0$ $X^0$

$X^{-1}$ Y Y $X^{-1}$

**هێڵکاریی (٥ و٦)**

**٧) ا.[N/A/V- دەسەڵات] مۆرفۆلۆژیی**

**[+ دەسەڵات] سینتاکس**

**٨) ا. V + ەر**

**ب. A + ی**

**Y**

**$X^-$**

**$X^0$**

بە پێی نواندنەکەی (٧) دوو توخم بە دوو دەروازەوە لە فەرهەنگدا هەن، وەک لە پاری داهاتووشدا ڕوونەکرێتەوە، ئەو توخمانە لە سینتاکسدا دەروازەی فەرهەنگییان جیاو فراوانترە، بۆیە ئاستی نواندنی توخمەکەی ناو فەرهەنگ بۆ مۆرفۆلۆژیی $(N^{-1}/A^{-1}/V^{-1})$و بۆ نواندنە سینتاکسییەکەش$(N^0/A^0/V^0)$ Philip A. Bralich (1991:85-90)، بەڵام بە پێیەی نواندنەکەی (٨) مامەڵە لەگەڵ جێکەوتەدا دەکات، بۆیە توخمەکە لە فەرهەنگدا بۆ هەریەک لە دەروازەکان نیشانە نەکراوە، بەڵکو هەر هەمان توخم بە پێی جێکەوتەکان دەبێتە توخمێکی مۆرفۆلۆژیی یان سینتاکسیی، چونکە حوکم لە زمانی کوردییدا بە جێکەوتەوە پەیوەستە (دەربارەی جێکەوتەو حوکم و دۆخ بڕوانە مەحویی (٢٠٠١).

**١/١-١-١-٣-٢) پڕۆژەی لێکدان:**

زۆربەی پێناسەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە وشەی لێکدراو لە ئەنجامی لەیەکدانی دوو مۆرفێمی سەربەخۆ بەرهەمدێت https://www.govinfo.gov/content/pkg/GPO-STYLEMANUAL-2008/pdf/GPO-STYLEMANUAL-2008-8.pdf، سەربەخۆیی کەرتەکانی وشەیەکی لێکدراو بڕیارێکی سەرپێییانە دەبێت، ئەویش لەبەرئەوەی هاوشێوەی پڕۆژەی هەڵگواستن، دەبێت توخمێک لە لێکدراوەکەدا جڵەوی دروستەیی و واتایی هەبێت-file:///C:/Users/win7/Downloads/49814-Article%20Text-88056-1-10-20071018%20(3).pdf. لەبەرئەوەی بە پێی پێناسەی لێکدان دەبێت توخمەکان سەربەخۆ بن(X)و هەڵبژێراوەکەش (Y)، بۆیە دەستنیشانکردنی (X , Y)ەکانی بەرهەمهێنەری لێکدانەکە بۆ ئەم پارە گرنگ دەبێت. لە دابەشکردنەکانی مۆرفێم لە سەرەوە ڕکێف و جڵەوی هەریەک لەو توخمانە، جا چ (X)ەکان بن، یان (Y)ەکان بن، دیاری نەکراوە، تەنانەت نیشانەیەک بۆ جیاکردنەوەی دەروازەی سینتاکسیی یان مۆرفۆلۆژیی نەکراوە ([illegible] لە پاری (١/١-١-١-٣-٢))دا. ئەوەی بۆ [illegible] دەبێت، جیاکاریی فەرهەنگیی و پێکهاتەیی توخمەکانی (V, A, N)ن، تا ئاست و نرخی نواندنی هەریەکەیان دیاریی بکرێت.

**١/١-١-١-٣-٣-١)پڕۆژە مۆرفۆلۆژییەکانی ناو**

بەپێ ی تیۆری (X-bar) ناوەکان دروستکەری پڕۆژەی سینتاکسین لە ڕوانگەی ئەرکیشەوە دۆخدەر(X) و دۆخوەرگریشیان(Y) هەیە، چونکە چەشن و جۆری ناوەکە کاریگەریی لەسەر پڕۆژەکەو ئەرکەکەش هەیە. لەڕاستیدا ئەو ناوانە دروستکەری فرێزی کە تایبەتمەندی ئاوەڵناوییان هەیە لەجێکەوتەی ئاوەڵناودا دەردەکەون، کە ئەوانیش جێناوی سەربەخۆ و ناوی تایبەتی کەس و شوێنن، بەڵام ئەو ناوانەی کە گشتیین فرێزی ناوی تەواوکەر، کە دۆخ وەرگرن بەرهەمدەهێنن، بۆیە دەبێت لە دەروازە سینتاکسییەکاندا ئەو جیاکارییە لە نێوان ناوەکاندا بکرێت. بەوەش دەروازەی زانیاری ناوێك بریتی دەبێت لە :

N{+ دۆخ وەرگر ، + دۆخ دەر}بڕوانە نموونەو جێبەجێکردنەکەی لە (٩) دا

بەو پێیەش بێت ناوەکان لە سەرێکەوە بەپێی جێکەوتەکان لە سینتاکسیدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ لە سەرێکی تریشەوە نیشانەکانیان پەیوەست بە زانیاری سینتاکسیی لە فەرهەنگدا دیاریکراوە. بڕوانە هەنگاو و جێبەجێکردنەکانی دواتر.

٩) ا. <u>دەستی</u> <u>من</u>، <u>چاوی</u> <u>تۆ</u>

ناوی گشتیی، جێناوی سەربەخۆ / بەکارهێنانی ئاوەڵناویی، دۆخدەر(X).

دۆخوەرگر (Y)

ب. باوکی ئازاد .

ناوی گشتیی ناوی تایبەتی / بەکارهێنانی ئاوەڵناویی، دۆخدەر(X) .

دۆخوەرگر(Y)

لە نموونەکانی سەرەوەدا دەروازەکان دەروازەی سینتاکسین و ناوەکانیش بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی ناوی هێنراونەتە سینتاکسەوە، بەڵام دەکرێت هەمان فۆرم لە نموونەکانی خوارەوەدا بۆ دەروازەی مۆرفۆلۆژییەکان بخرێتە گەڕ. لە ڕاستییدا ناو لە سینتاکسدا بەپێی پۆلەڕەگەزدیاریکردنێکی سینتاکسیانە مامەڵە لەگەڵ پڕۆژە سینتاکسییەکان دەکردو بۆ بەرهەمهێنانی فرێزبوو، بەڵام لە زمانی کوردیدا هەمان ناو دەتوانێت لە پڕۆژەیەکی ناوەندیی وەکو دەستەواژەیلە بەهەمان پۆلەڕەگەز دیاریکردنەوە پڕۆژە بەرهەمبێنێت . بۆ نموونە بڕوانە نموونەو هێڵکاریی(٧):

هێڵکاریی (٧)

N°

پۆلە ڕەگەزدیاریکردن

دەستەواژە دەستەواژیلە

پەنجەرەی ئاسن

{N} + N {N} + N

دەرگا شوشە          دەرگای شوشە

{N} + N          {N} + N

دەروازە سینتاکسییەکان بۆبەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیین، لەهە ریەک لەناوەکان جا لە هەر چەشنێک بن، (X)بن، یان (Y)، پرۆژەسازدەر یان نرخی تەواوکەریان هەیە. ناوەکان لە دروستەی فرێزدا هەرچەندە تەواوکەرن، بەڵام لە بەرئەوەی دەبنە فرێزێکی تەواوکەرپێشتر لە توخمێکی پرۆژەسازدەرەوە (X)ەوە بوونەتە تەواوکەر (Y). لەو ڕوانگەیەوە لە نموونەکانی (٩)دا ناوەگشتییەکان هەرچەندە تەواوکەرن و لەلایەن ناوێکی ئاوەڵناوییەوە حوکمدەکرێن و دۆخوەردەگرن، بەڵام تەنها بە جێکەوتەکە ئەوەیان بەسەردا سەپێنراوەو بوونەتە (Y)، بڕوانە نواندنەکەی لە (١٠)دا

١٠) دەستی نەوزاد

$Y^-$

$X^-$

$X^0$

پەیوەست بە پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانیش ناوەکان نواندنی تایبەت بە خۆیان هەیە، بە جۆرێک توانستی فەرهەنگیی ناوەکان لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە سنوردارترەو پێشبینیی دەکرێت، تەنها پرۆژەی وشەدروستکردنیان لە دەروازەدا هەبێت، چونکە ناوێک، لە فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییدا نە حوکمکردن نە دۆخی ڕێزمانیی نامێنێت، گەر لەو ڕوانگەیەوە بڕوانێتە <دەست> لە {دەستینەوزاد} لەگەڵ <دەستگرە و دەستکێش، دەستپێک>دا ئەوا دەسدەکەوێت، کە: (ا) لە نموونەی (١٠)دا ناوەکە فرێزدروستکەرەو حوکمکراوەو دۆخی خستنەپاڵی هەیە، کەچی نموونە مۆرفۆلۆژییەکەدا تەواوکەرێکی بێ دۆخی ڕێزمانییەو تەنها تەواوکەری ناو دروستە مۆرفۆلۆژییەکە لە دەروازەکەیدایە.

**١/١-١-١-٣-٣-٢) پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانی ئاوەڵناو**

ئاوەڵناو وەک بەشە ئاخاوتنێک، وڵتای چۆنێتی و خاسیەت و نیشانە ڕادەگەیەنێت. لە ئاوەڵناودا ئەم ڕاگەیاندنە چ لە بەکارهێنانی ڕستەسازیدا و چ لە تایبەتێتی وشەسازیدا ڕوون و ئاشکرا بەدیار دەکەوێت، لە مەیدانی ڕستەسازدا جیاوازی ئاوەڵناو لەگەڵ ناودا لەوەدایە، کە بەر لە هەر شت بە بەردەوامی وەک دیارخەر بەکاردەبرێت.ئاوەڵناو لە خاسیەتی ناوە. ( مارف/ئەورەحمانی حاجی،٢٠١٤، ١٠٩)، ( ئاوەڵناو پۆلەڕەگەزێکە، بەتوانا و زانیارییە ئەبستراکتەکانییەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراوە، بەمەش پێویستە لە سینتاکسدا ئەو زانیارییە ناوەکییانە هەڵبهێنجێت، لەڕووی واتاوە، زگماکییانە سروشتی و کەسێتی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناویان پەیوەست بە پەسەنکردنی ئەدگارەکانی (ناو) هەوە، پێدەناسرێتەوە. دەرهێنانی زانیارییەکانیش بەهۆی ناوێک / تەواوکەرێکەوە بەرجەستە دەکرێت، کە جێکەوتەی دەرخراو پردەکاتەوە.

زانیارییەکان بۆ دەروازی سینتاکسیی ئاوەڵناوەکانە، بە جۆرێک ئاوەڵناوەکە بە پۆلەڕەگەزی سەرەکیی هەژماردەکرێت، واتا ($A^0$)بە دەروازەی [+پرۆژەسازدەر، + دۆخدەر + سەری حوکمکەرەوە، +دیاریکەری پارامێتەری]هوە دەبێتە سیمای سەرەکی فەرهەنگیی، بەوەش نواندنەکانی تری هەمان پۆلەڕەگەزن یان بەشێکن لە دەروازەی فەرهەنگیی ئاوەڵناوەکان. لێکۆڵینەوەکە لە نێوان گریمانەی (ا) کۆی زانیارییەکان بە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییشەوە لە تاکە یەك ئاوەڵناودا هەڵگیراون و لە ڕێزماندا دەنوێنرێن، یان (ب) ئاوەڵناوەکان لەگەڵ کەتیگۆریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی جیان، ئاستی نواندنیان جیایەو زانیاریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییان تیاگەنجکراوە. لەوەوە ئاوەڵناوەمۆرفۆلۆژییەکە($A^{-1}$): و سینتاکسییەکەش ($A^0$) دەبێت.

**ئاوەڵناوەکەی ناو مۆرفۆلۆژیی خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەن:**

1. لە دروستەی هەڵگواستندا ئاوەڵناوەکان حوکومدەکرێن و تایبەتمەندێتی وەسفییان لەدەستدەدەن، کۆی زانیارییە دەرکردەکەشیان پەیوەست بە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشەوە دەگۆڕێت، بڕوانە نموونەی (١١_ا)و بۆ خستنەڕووی زانیارییە گۆڕاوەکانیش لە (١١_ب)دا

١١) ا. جوان + ی = جوانیی بڕوانە هێڵکاریی (٨)

| | |
|---|---|
| ب. جوان ($A^0$) | جوانیی ($N^0$) |
| ئاوەڵناو | ناو |
| سادە | هەڵگوێزراو |
| فرێزی ئاوەڵناویی بەرهەمدەهێنێت | فرێزی ناویی بەرهەمدەهێنێت |
| حوکمدەکات و دۆخدەدات | حوکمدەکرێت و دۆخ وەردەگرێت |
| خۆی هێزکۆتایە | پاش گۆڕانی فۆڕمەکەی هێز دەبێتەوە بە کۆتایی |
| ئاوەڵناوی چۆنێتییە | پرۆسەی ئاوەڵناوییە (بڕوانە ((عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف توێژینەوەی بڵاونەکراوە)) |

هێڵکاریی (٨)

جوانیی

جوان    ی

$X^{-1}$    $X^{-1}$

٢ . بەرجەستەکردنی ئاوەڵناوەکان لە پرۆسەی لێکداندا ئەوە دەردەخات، کە ئاوەڵناوی ناو ئەو دروستە مۆرفۆلۆژیی، تەنها هەڵاوێری دروستەیی و واتایی تەواوکەرەکەی دەکات، پێدانی دۆخی خستنەپاڵ لە دەروازەکەیاندا کەمدەکات، بەوەش لە دەروازە سینتاکسییەکەی جیاوازدەبێت و ئاستی نواندنی($A^{-1}$) ی دەبێت. هەرچەندە دیاریکەری پارامێتەریی سیمای سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژیی ئاوەڵناوەکانە، بەڵام ئاوەڵناویی ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی ئازادانەیە، کەچی ئاوەڵناوە سینتاکسییەکە تەنها سەرکۆتایی جێبەجێدەکات بڕوانە نموونەی (١٢)و هێڵکاریی(٩ )و (١٠)

١٢) ا. چاوشین، باڵا بەرز، دەمپیس، ......

ب. جوانەگا، شۆخەژن، تەڕپیاز، سوورەچنار، .....

هێڵکاری (٩)　　　هێڵکاری (١٠)

$A^0$ چاوشین، باڵا بەرز، دەمپیس　　　$N^0$/ $A^0$ جوانەگا، شۆخەژن، تەڕپیاز،سوورەچنار

$N^{-1}$　$A^{-1}$　$A^{-1}$　$N^{-1}$

وەك ئاماژەی بۆ کرا زانیارییەکان بۆ دەروازی سینتاکسی ئاوەڵناوەکانە، بە جۆرێك ئاوەڵناوەکە بە پۆلە ڕەگەزی سەرەکی هەژماردەکرێت، واتا ($A^0$) بە دەروازەی ]+پرۆژەسازدەر، + دۆخدەر + سەری حوکمکەرەوە، +دیاریکەری پارامێتەری [ لە سینتاکسدا ئاوەڵناو پرۆژەسازدەرە وەك سەری ڕێزمانێی فرێزی ئاوەڵناوی گۆدەکان فرێزی ئاوەڵناویی بەرهەمدەهێنێت، بۆیە پێویستە تەواوکەرێکی هەبێت، بەوەش لە($X^0$) انەیە، کە (Y) یەك هەڵاوێر دەکات، هەر بۆیە دەتوانێت لە سینتاکسدا بشکێتەوە پرۆژەی جیاواز لە جۆری ($A^-$) دروست بکات، لەو ڕوانگەیەوە، کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی لە بەرهەمهێنانی پرۆژە سینتاکسییەکاندا، بەو پێکهاتانەوە بەستراوە، کە لە قۆناغی پێش – ڕستەییدا بەهۆیانەوە پرۆژە ناوەندییەکانی هەر پۆلەڕەگەزێك دەستەدخرێت، ئاوەڵناوی فەرهەنگیش (A°) بۆ دروستە سینتاکسییەکان بەپێی پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەی، هەمیشە بەناواخنەکەیەوە بە (X+Y)هوە پرۆژەکانی ($A^-$) تێردەکەن. ئەو پرۆژانەش ، کە بەرهەمی توخمی فەرهەنگیی (A°) ن، هەم سینتاکسیی و هەم مۆرفۆلۆژیی دەبن، واتا وەك گوترا گریمانەکە لەنێوان ئەوەدایە کە ئایا ئاوەڵناوەکان ناوەخنی مۆرفۆلۆژیی سینتاکسییشیان هەیە یان لە فەرهەنگدا جیان و بە دوو دەروازەی جیاوە هەڵگیراون؟ تاقیکردنەوەکان لەسەر (جوان) ئەوە دەردەخەن، کە ئاوەلناوەکان فرە دەروازەن، ئەوەش وایکرد ئاستی نواندنی ($A^{-1}$)بۆ مۆرفۆلۆژیی و ($A^0$) یش بۆ نواندنە سینتاکسییەکەی بێت. بۆ ئاستە مۆرفۆلۆژییەکەی بڕوانە نموونەکانی (١١ و١٢) لە سەرەوە، بۆ فرەدەروازەیی سینتاکسییش بڕوانە نواندنی(١٣)

بەرهەمهێنانی دەستەواژێلەی ئاوەڵناویی (sub phrase) : کچەجوان، گوڵەجوان

١٣) جوان$A^0$　　بەرهەمهێنانی فرێزی ئاوەڵناویی (phrase) : کچی جوان، گوڵی جوان

بەرهەمهێنانی ئاوەڵکردار : ئەو جوان یاریدەکات

بە پرۆسەی بەناوکردن ناو بەرهەم دەهێنێت: جوان خوێنەکاری زانکۆیە

نواندنی ئاوەڵناو (جوان) لە (١)دا فرە زانیاریی و فرە زانیاریی سنتاکسیی ئاوەڵناوەکان دەردەخات، ئەویش بە پێچەوانەی دەروازەی مۆرفۆلۆژیی ئاوەڵناوەکانەوە ($A^{-1}$) کە دەسەڵاتەکانی تەنها لە چێوەو دروستەی وشەدا دەسەڵاتی دروستەیی و واتایی هەیە.

**١/١-١-٣-٣-٣) پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانی کردار**

کردار کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەرو لە فەرهەنگدا ئاستی نواندنی($V^0$) ی هەیە، کردارە فەرهەنگییەکە لەناوەخنیدا پەیوەست بەسینتاکس و واتاشەوە هەڵگری زانیارییەکانە و لە قۆناغی پاش فەرهەنگی (postlexical) وسیینتاکسیدا نواندێکی جیاوازی هەیە، کردارە فەرهەنگییەکە بەڕەگی کردار تاقیدەکرێتەوە، ڕەگی کردار لێکسیمێکی ناسەربەخۆی ناو فەرهەنگە، بەڵام نەبووەتە فرێزی کرداری بەرهەمدێنێت. کردارە فەرهەنگییەکە (أ) پەیوەست بە کەتیگۆرییەوە لە قۆناغی پاش فەرهەنگییدا تەواوکەرەکەی هەڵاێردەکات کە کە نواندێکی بنەمایی (principal representation) هەیە. (ب) کردارە فەرهەنگییەکە بەتەواوکەرەکەیەوە نواندنێکی پارامێتەری دەبێت و ئاستی نواندنەکەی دەبێت بە ($V^-$) (مەعرووف/عەبدولجەبارمستەفا، ٢٠٢٠، ٥٨).

کردارە فەرهەنگییەکە لە چوارچێوەی فرێزی کرداریدا نواندن و دەسەڵاتی سنیتاکسی و واتاییان هەیە، کرداری فەرهەنگی پریدیکاتۆرە، کە ڕەگی کردار و دەسەڵاتەکەی لەناو فریزە کردارییەکەدا کۆتایی دێت لەوەشەوە دەبێت پێشبینی ئەوە بکرێت، کرداری سنیتاکس($V^-$) بێت. ئەویش بەو پێیەی کرداری فەرهەنگی بەهەرسێ نواندنی فۆڕمی سادە و دارێژراو و لێکدراویشەوە لەنواندنە سنیتاکسیەکەیدا بەتەواوکارەکەیەوە دەچێتە سنیتاکسەوە، چونکە لە بەسینتاکسبوونی کردارەکان زانیاریی تیاگەنجکراوی کردارەکە دەنوێنێت، واتە کردار هەرگیز لەتەنها نایەتە فریزی کردارییەوە بەوەش دەبێتە کرداری سینتاکسی ئازاد، بڕوانە نموونەی ( ١٤ )، ئەوەش دەربڕی ئەوەیە، کە ($V^0$) کردارێکی بەلێکسمێبووی ناو فەرهەنگ و (V) یش کردارێکی سینتاکسی ئازادە. بروانە جێ بەجێ کردنەکەی لە نموونەکانی ( ١٤ ) و هێڵکارییەکانی (١١ ) و ( ١٢ ) و دا.

١٤)

(أ). کوژ ($V^0$)　　ژن کوژ، کوڕ کوژ، ڕێوی کوژ، ...

(لەفەرهەنگەوە تەواوکەری تێدا گەنجەکراوە، بۆیە لەهەمان فۆڕمەوە نابێتە کرداری سینتاکسی($V^-$) بەڵکو تەواوکەری دەوێت.

ب. مر($V^0$)　　مر ( لەفەرهەنگەوە تەواوکەری تێدا گەنجنەکراوە، بۆیە لەهەمان فۆڕمەوە دەبێتە کرداری سینتاکسی ($V^-$))

(١١)　هێڵکاری　　　هێڵکاری (١٢)

مار　کوژ　مر　$V^-$

کوژ $V^0$　　مر$V^0$

( مەعرووف/عەبدولجەبارمستەفا، ٢٠٢٠،٦٧-٦٨)، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بڕوانە نموونەوهێڵکارییەکانی(١٣) و (١٤) :

هێڵکاری (١٣)　　　هێڵکاری (١٤)

$A^0$فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی　　$V^-$

فۆڕمی سینتاکسی

$V^{-1}$　N　$V^0$

N

پیاو     کوڕ     پیاو/ژن/ئاژەڵ
کوڕ

سەیری ئەم نموونەیە بکەی یاخود هێکارییەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە کرداری <کوژ>دوو دەرکەوتن و نواندنی هەیە، یەکێکیان مۆرفۆلۆژییە، کردارەکە دەسەڵاتی نەماوە و نەدۆخ دەدات نە ڕۆڵی هەیە، تەنها ئارگۆمێنێت داواکەرە، بەمەش بەکردارەکە دەتوانین بڵێن لە (کردارخراو ) هیچدەسەڵاتێکی نەماوە و لاوازە. لەهەمان کاتدا کردارێکی ترمان هەیە، کە سینتاکسیەکە دەسەڵاتدارە، دۆخ دەدات و ڕۆڵی هەیە ئارگۆمێنتداواکەرە، دەسەڵاتی هەڵاوێرکردن و پارامێتەر دیاریکردنی هەیە.

زانیاریی ڕستەسازیی و شێوازی ئیدیۆماتیک، فەرهەنگێک دەبێت دیاری بکات، کە وشەیەک کام پێداویستی بەسەر ژینگە ڕستەسازییەکەیدا دەسەپێنێت. بەشێوەیەکی نەریتی، ئەم زانیارییانە بە یارمەتی تایبەتمەندیی ژێرپۆلێنکردن دەربڕدراون، کە ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە کام کۆنتێکستی ڕستەسازییدا وشەیەک دەتوانیت یان دەبێت دەربکەوێت. بەڵام پێویستە خۆمان بە دوور بگرین لە لێکدانەوەی زۆر ئیستاتیک بۆ تایبەتمەندییە ژێرپۆلێبەندییەکانی وشەکان، چونکە ڕێزمانی زمانێکی زمانێک ئامرازێک بۆگۆڕینی کردارێکی ڕستەیی بۆ کردارێکی ڕاگوزەر دابین دەکات، یان لەوانەیە جۆری ڕووداوی کردارێک بگۆڕێت.(Booij, Geert, 2017:8-9)

زانیارییەکان بۆ دەروازەی سینتاکسی کردارەکانە، بەجۆرێك کردارەکە بە پۆلەڕەگەزی سەرەکیی هەژمار دەکرێت، واتا ($V^0$) بەدەروازەی { + پرۆژەسازدەر، + سەری حوکمکەرە، + دیاریکەری پارامێتەری}هەوە دەبێتەسیمای سەرەکی فەرهەنگیی، بەوەش نواندنەکانی تری هەمان پۆلەڕەگەزن یان بەشێکن لە دەروازەی فەرهەنگیی کردارەکان. لێکۆڵینەوەکە لە نێوان گریمانەی (1) کۆی زانیارییەکان بە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییشەوە لە تاکە یەك کرداردا هەڵگیراون و لەڕێزماندا دەنوێنرێت، یان (ب) کردارەکان لەگەڵ کەتیگۆریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی جیان، ئاستی نواندنیان جیایە و زانیاریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیان تیا گەنجکراوە. لەوەوە کردارە مۆرفۆلۆژییەکە$V^{-1}$()و سینتاکسییەکەش ($V^0$) دەبێت وەك ئاماژەی بۆ کرا زانیارییەکان بۆ دەروازەی سینتاکسیی کردارەکانە، بەجۆرێك کردارەکە بەپۆلەڕەگەزی سەرەکیی هەژمار دەکرێت، واتا ($V^0$) بەدەروازەی [ +پرۆژەسازدەر، +دۆخدەر، سەری حوکمکەرەوە، +دیاریکەری پارامێتەریی]، لەو ڕوانگەیەوە گەر بڕوانرێتە کرداری <ناس، بین> وک کرداری فەرهەنگیی بەلێکسێمنەبووی فەرهەنگیی یان بۆ پرۆژەیەکی سینتاکسیی یان مۆرفۆلۆژیی دەهێنرێنە ڕێزمانەوە، بڕوانە جێبەجێکردنەکەی لە نموونەکانی (١٥)و (١٦)

١٥) ا. من تۆ دەناسم .
ب. من ئەو دەبینم.
١٦) ا. ناسنامە، ناسین، ناسینەوە،
ب. بینەر، ....

ئەگەر لەنموونەکانی (١٥و١٦)دا سەیری کردارەکانی <ناس و بین>، کردارەکەمان ($V^0$) دۆخی ڕێزمانی و دەسەڵاتی سینتاکسی هەیە، (ناس)هـ کە دۆخی ئەکوزەتیڤی بە فرێزی{تۆ}/{ئەو} داوە. کەچی هەمان فۆرمی کردارەکان، لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانی (١٦)دا دەسەڵاتەکەی تەنها هەڵاوێرکردنێکی دروستەیی و واتاییە. بەوەش کردارەکان ، لە نموونانەی (١٦)دا، بووە بەکردارێکی بێ دەسەڵات توانای نەماوە و دۆخی نەماوە، وەک ئاماژەی بۆکرا، تەنیا یەك دەسەلاتی هەیە ئەویش هەڵاوێرکردنە. بەوەش کردارەکە دەبێت بەکردارێکی مۆرفۆلۆژیی و ئاستی نواندنی ($V^{-1}$)ی دەبێت، بەڵگەش بۆ ئەوەش بە مۆرفۆلۆژیی بوونی هەندێک کردارن ($V^0$) کە تەنها نرخ و ئاستی نواندنی ($V^{-1}$)یان ماوە، بڕوانە (١٧). هەروەها بەڵگەکانی (٢١) زیاتر ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە لەو نموونانەدا دەسەڵاتی دروستەیی و واتاییش دەکەوێتە دەست پاشگرەکان، وەک پێشتریش لە پاری (١/١-١-١-٣-٢)دا ڕوونکرایەوە، دەسەڵاتی دروستەیی و واتایی لە پرۆسەی هەڵگواستندا بە دەست پاشگر یان پێشگرەکانەوەن، بەوەش پاشگر/پێشگرەکە حوکمیکردارەکەی ناو مۆرفۆلۆژیی دەکات، بڕوانە هێڵکاریی (١٥)

١٧) ا. خوار/خۆ ($V^0$)    خۆر ($V^{-1}$)  بڕوانە نموونەکانی (١٨)
ب. کر/کە ($V^0$)    کار، کەر ($V^{-1}$) بڕوانە نموونەکانی (١٩)
پ. گر/گیر ($V^0$)    گەر  ($V^{-1}$) بڕوانە نموونەکانی (٢٠)

١٨) مووچەخۆر، گەنەخۆر، مشەخۆر، ....
١٩) نانکەر، یاریکەر، کرێکار، خزمەتکار، .....
٢٠) ئاسنگەر، مسگەر، شیرگەر،....
٢١) بینەر، بیسەر، نووسەر، خوێنەر،...

هێڵکاریی (١٥)

$N^0$

$V^{-1}$     $X^{-1}$

بین/نووس/بیس/خوێن     ەر

دەرئەنجامی نموونەکانی (٢١ بۆ ٢٤) ئەوە دەردەخات، کە کردارەکانی زمانی کوردیی دوو دەروازەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییان هەیە، بڕوانە هێڵکاریی (١٦)و بڕوانە-Lam, Shi-Ching Olivia, 2008 : 8 ) ). هەروەها بەڵگەکان ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە لە زمانی کوردییدا تەنها بە پرۆسەی هەڵگواستن تەرزە مۆرفۆلۆژییەکان بەرهەم بهێنرێن، چونکە پرۆسەکان بە ($X^{-1}$) بەرهەمدەهێنرێن.

هێڵکاری (١٦)

بین/نووس/بیس/خوێن

| $V^{-1}$ | $V^0$ |
| --- | --- |
| سینتاکس | مۆرفۆلۆژیی |
| + پرۆژەسازدەر | -+ پرۆژەسازدەر |
| + دۆخدەر | - دۆخدەر |
| + دەسەڵاتە | - ڕۆڵ |
| + پارامێتەر | +/- پارامێتەر |

## ئەنجام

1. زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان، لە دەروازەی فەرهەنگیدا لە پاڵ بوونی هەریەک لە زانیارییە فۆنۆلۆژی وسینتاکسی و واتاییەکان هەن، بەوەش پێشبینی دەکرێت فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان هاوشێوەی فۆرمە سینتاکسییەکان بەرهەبهێنرێن، بەڵام توخمی بەرهەمهێنی مۆرفۆلۆژی لە فەرهەنگدا نرخ و ئاستی ($X^{-1}$)یان هەیە.
2. -مۆرفۆلۆژی پێکهاتەیەکی سەربەخۆیەو توخم و دەروازەی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر یەکێک لە توخماکانی ئەو پێکهاتەیە جگە لە دەروازەی بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆژی، دەروازەی فۆنۆلۆژی واتایی خۆیان هەیە.
3. هەنگاوەکانی توێژینەوەکە پاش دەستنیشانکردنی ئادگاری توخمە مۆرفۆلۆژییەکان، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە: (ا) ناوو ئاوەڵناوو کردارەکان بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس دوو ئاست و نرخی جیایان هەیە، (ب) لەبەر ئەوەی توخمە مۆرفۆلۆژییەکان(بە مۆرفێم و وشەشەوە) ($X^{-1}$)ن، بەوەش گریمانەکان بەلای ئەوەدا دەچن، کە پرۆسەکان تەنها هەڵگواستن بن.
4. هێماو کورتکراوەکان
5. یان
/
6. فۆڕمی فۆنۆلۆژی، مۆرفێم
/ /
7. هێنانەوەی نموونە لە ناو دەقدا

< >
8. بۆ لێکدانەوەی واتای وشە

( )
9. توخمی فەرهەنگی

$X^0$
10. مۆرفێمی هەڵگواستن — $X^{-1}$
11. فرێزی هەمەچەشن — $X^{-}$
12. ناو/فرێزی ناویی — $N^{-}/N$
13. ئاوەڵناو/ فرێزی ئاوەڵناویی — $A^{-}/A$
14. کردار/فرێزی کرداریی — $V^{-}/V$
15. کرداری فەرهەنگیی

$V^0$
16. تەواوکەر

Y
17. نیشانەی واتایی — [- / +]

## سەرچاوەکان


**سەرچاوە کوردییەکان:**

١-ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤، ڕێزمانی کوردی(وشەسازی)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٢-پێشرەو سالەح عەلی، ٢٠١٥، یاسا مۆرفۆنۆلۆجییەکان لە دارشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣-تریفە عومەر ئەحمەد، پراگماتیکی فەرهەنگی پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣.
٤-حاتم وليا محمد، مۆرفۆلۆجی، ٢٠١٩، چاپی ئەکەم.
٥- ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد، سینۆنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦.
٦- سازان زاهیر سەعید، ٢٠٢٠، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردییدا، چاپی ئەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.
٧- سامی حوسێن قادر، ٢٠١٧، بە بەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.
٨-ساکار عەبدوڵا حەسەن، خۆخزانی وشە بۆ ناو ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.
٩- شیلان عومەر حسەین، ٢٠١٢، پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
١٠- عهبدولجەبار مستەفا مەعرووف، ٢٠٢٠، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ وسینتاکسی کوردیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.
١١- علی حمد عثمان، ٢٠١٦، ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.
١٢- عەبدوڵلا حوسێن، ٢٠١٤، مۆرفێمە ڕێزمانیەکانی کار، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٣- محەمەدی مەحویی، ٢٠١٠، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، چاپی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.
١٤- محەمەدی مەحوی، ٢٠٢١،مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
١٥- محەمەد مەحویی _نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٤، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، چاپخانەی ژیر، زانکۆی سلێمانی.
١٦- محەمەد معروف فتاح، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، چاپی یەکەم، چابخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٧- محەمەد مەعروف فەتاح _ سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٦، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، هەولێر.
١٨ - محەمەد مەجید سەعید، ٢٠١٥، فەرهەنگ وپرۆسەی بە لێکسیمبوون، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1-Amy J. Goodwin Davies, Morphplogical Representations In Lexical Processing, 2018, university of Pemsylvanial, 2018.
2-Bralich, Philip Andrew, X-bar theory and morphological juncture, university of Hawaii, 1991.

3-Francis Katamba, Morphology, 1993.
4-Geert Booij, The codification of phonological, morphological, and syntactic information, Leiden University, 2017.
5-Shi-Ching Olivia Lam, Object functions and the syntax of double object constructions in lexical functional grammar, Oxford University, 2008.

**سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:**

https://en.wikipedia.org/wiki/Lexical_item#:~:text=In%20lexicography%2C%20a%20lexic
https://www.cambridge.org/core/books/abs/analyzing-grammar/lexical-entries-and-wellformed-clauses/2B10978C3921E394B48FDA5148EC7F84
file:///C:/Users/win7/Downloads/Projections_from_Morphology_to_Syntax_in_the_Korea.pdf
https://www.govinfo.gov/content/pkg/GPO-STYLEMANUAL-2008/pdf/GPO-STYLEMANUAL-2008-8.pdf
file:///C:/Users/win7/Downloads/49814-Article%20Text-88056-1-10-20071018%20(3).pdf